ص:1-21
المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# زیرەکی کارگێڕی و پەیوەندی به هاوسەنگی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەری قوتابخانە بنەڕەتییەکان لە شاری سلێمانی (توێژینەوەیەکی هەڵێنراو لە نامەی ماستەر)

سەفین رەسول مصطفی[1]، هەناوحسن محمد خان[2]

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق[1]
کۆلێجی پەروەردە زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق[2]

Email: Hanaw.mohammed@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی زیرەکی کارگێڕییە لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتییەکان و پەیوەندی بە ئاستی هاوسەنگی هەڵچوونی. بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و بەبەکارهێنانی میتۆدی وەسفی، توێژەران پشتیان بەست بە پێوەری ئامادەکراوی (الجبوري،2019) بۆ زیرەکی کارگێڕی و دروستکردنی پێوەرێک بۆ پێوانی هاوسەنگی هەڵچوونی، وە لەدوای کۆکردنەوەی زانیاری لەلای (١٩٤)بەڕێوبەر بە هەردوو ڕەگەزەوە و چارەسەر و شیکردنەوەیان بە بەکارهێنانی پرۆگرامی ئاماری (spss) ، ئەنجامەکان دەریانخست کە هەریەک لە زیرەکی کارگێڕی و هاوسەنگی هەڵچوونی لە ئاستێکی بەرزدان وە بەپێی هەردوو گۆڕاوی ڕەگەز وتەمەن جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی نیە لە ئاستەکانی زیرەکی کارگێڕی و هاوسەنگی هەڵچوونی، هەروەها دەرکەوت کە پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکەدا.

**کلیلەوشەکان:** زیرەکی کارگێڕی، هاوسەنگی هەڵچوونی.

**الملخص:**

يهدف البحث الحالي التعرف على مستوى الذكاء الإداري لدى مديري المدارس الأساسية في مدينة السليمانية و علاقته بمستوى الإتزان الإنفعالي، ومن أجل تحقيق الأهداف وبأستخدام المنهج الوصفي تم الإعتماد على مقياسا معدا من قبل (الجبوري،2019) لقياس الذكاء الإداري و اعداد مقياسا لقياس الإتزان الإنفعالي لدى عينة مكون من (194) مدير من كلا الجنسين. وبعد تحليل البيانات ومعالجتها بإستخدام البرنامج الإحصائي (spss) ، اظهرت من النتائج بأن كل من الذكاء الإداري والإتزان الإنفعالي لديهم مستوايات عالية لدى عينة البحث، وليس هناك فروق ذات دلالة احصائية بحسب الجنس والعمر في مستوايات الذكاء الإداري والإتزان الإنفعالي، وايضا اشارت النتائج وجود علاقة موجبة بين المتغيرين .

**الكلمات المفتاحية:** الذكاء الإداري، الإتزان الإنفعالي.

**Abstract:**

The current research aims to identify the level of administrative intelligence among principals of basic schools in the city of Sulaymaniyah and its relationship to the level of emotional balance. In order to achieve the goals and by using the descriptive approach, the researchers depended on a scale prepared by (Al-Jubouri, 2019) to measure administrative intelligence and preparing a scale to measure emotional balance. The sample consisted of (194) managers of both sexes. After analyzing and processing the data using the statistical program (spss), the results showed that both administrative intelligence and emotional balance had high levels in the research sample, and there were no statistically significant differences according to gender and age in the levels of administrative intelligence and emotional balance, and also the results indicated a positive relationship between the two variables.

**Key words:** Managerial Intelligence, Emotional Balance.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوە

ئاشکرایە کە پەروەردەو فێرکردن ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەیە لە پرۆسەی نوێکردنەوە و گۆڕانکاریی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، چونکە ئەم پرۆسەیە کاریگەریی لەسەر ئێستاو داهاتووی نەوەکان دەبێت، وە هەروەها ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەی کە دەکەوێتە سەرشانی کادیران و بەڕێوەبەرانی بواری پەروەردەو فێرکردن کاریگەرییەکی بەرچاوییان هەیە لەسەر پرۆسەکە و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا. بە تایبەت بەڕێوەبەران کە گەورەترین بەرپرسیارێتی لەسەرە بەرامبەر بە سەرکەوتن و شکستهێنانی هەر خوێندنگەیەک یان ناوەندێکی پەروەردەیی هەر بۆیە توێژەران وەک توێژێکی گرنگی بوارەکە بە پێویستیانزانی کە بیکەن بە بابەتی توژینەوەیەکی زانستی. بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە پرۆسەی پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش لە قۆناغێکی هەستیاردایە بەهۆی ئەو قەیرانە یەک لەدوای یەکانەی کە کەڵەکە بوون و کاریگەری خراپیان دروست کردووە، کە ڕەنگە بتوانرێت لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە تیشک بخرێتە سەر ڕۆڵی لایەنە دەروونییەکان لە لێهاتوویی کارگێری لەلایان و سوود وەرگرتن لێیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکان، هەرلە ڕێکخستنی کارە کارگێری و زانستییەکان و هەروەها خوڵقاندنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ مامۆستایان و خوێندکاران تاکو دەگاتە دەرکردنی بڕیارە هەستیار وگرنگەکان وتوانایان لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کار و بڕیارەکانیان بە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجە پەرەردەییەکان.

بەپێی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو باری دەروونی تاکەکان ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر لێهاتوویی کارکردن لای تاکەکان وبەتایبەت بەڕێوەبەران وکاربەدەستان ، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیان لەگەڵ فەرمانبەران و ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا کاردەکەن بە شێوەیەکی ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی (Rosete and Joseph, 2005, 38.)

بەپێی توێژینەوەکانی (عبد،2018) و (الزهرانی،2020)و (مارکوم و ئەوانی تر، 2002) کارگێری پەیوەستە بە ئاستی زیرەکی تاکەکانەوە وە پێیان وایە کە زیرەکی کارگێری پەیوەستە بە لێهاتوییەکانی مرۆڤ وەک لایەنێکی دەروونی(الزهرانی،٢٠٢٠، ٢٢)، (مارکوم و ئەوانتر،٢٠٠٢،٣١ ). لەلایەکی ترەوە بە پێی توێژینەوەی (احلام سمور 2012) هاوسەنگی هەڵچونی یەکێکە لە بنەما سەرەیەکیەکانی کەسیەتی تاك و توێژینەوەی (الغدانی 2014) ئەوە دەخاتە ڕوو کە هاوسەنگی هەڵچونی کاردەکاتە سەر ڕەفتارەکانی تاك، هەروەها هەریەك لە توێژینەوەکانی (علی و عصمت، 2013) و (شاکر،2018) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پەیوەندیەکی ئەرێنی هەیە لە نێوان زیرەکی کارگێری و لایەنی هەڵچونی مرۆڤ دا. کەواتە لایەنی هەڵچونی، وەك دۆخێکی دەروونی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر چۆنایەتی ئەدای کاری کارگێرانی پەروەردەیی(المطیری، 2021، 242-243).

بۆیە لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە تا چەندە پەیوەندی هەیە لە نێوان زیرەکی کارگێریی وەک گۆڕاوێکی دەروونی و هاوسەنگی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەرەتیەکان لە شاری سلێمانی. بەو واتایەی کە زیرەکی کارگێری یەکێکە لە سیفەتەکانی بەڕێوەبەری کارامەوە کاریگەر دەبێت بە باری کەسی، وە هاوسەنگی هەڵچوونی بە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی کەسایەتی دادەنرێت کە هاوشێوەی هێڵێکی پەیوەندی بەردەوامە لە نێوان دوو خاڵدا، خاڵی پۆزەتیف کە بریتییە لە هاوسەنگی هەڵچوونی و خاڵی نیگەتیف هاوشێوەی تێکچوونی دەروونییە هەروەك (ایزنك Eysenk) ئاماژەی پێکردووە.(مصطفی، 2018، 393)

### گرنگی توێژینەوە

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچوونی بابەتێکی سەردەمی و نوێیە، وە بەپێی توێژینەوەکانی (Mădălina, 2018) و (سلیمان، ٢٠٢٠) و (جواد، ٢٠١٠) زیرەکی کارگێری فاکتەرێکی کاریگەرە لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی خوێندندا (سلیمان،٢٠٢٠،لا ١٢) ، لە لایەکی ترەوە توێژینەوەکانی (الظفیری، ٢٠٢٠) و (لادۆ، ٢٠٢١) (نوعیمی،٢٠١٢) ئاماژە دەدەن بە گرنگی هاوسەنگی هەڵچونی لە بواری کارگێری دا بۆ بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پێیان وایە ڕەهەندێکی سەرەکی لێهاتویی و زیرەکییە (الظفیري،2020، 18)، بۆیە ئەوەندەی توێژەران ئاگادارن لە چاو گرنگی بابەتەکە کەمترین بایەخ دراوە بە بابەتی زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچونی لە ناوەندەکانی پەروەردەدا بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەڕووی بابەتییەوە دەتوانیت ئەو کەلێنە زانستییە پربکاتەوە، چونکە هەردوو چەمکەکە یەکێکن لە چەمکە زیندووەکانی بواری دەروونزانی، کە لێرەدا زانستی دەروونزانی بە بواری کارگێریی ناوەندە پەروەردەییەکانەوە دەبەستێتەوە و کاریگەرییەکان ڕووندەکاتەوە. هەر بۆیە لەڕووی تیۆریەوە دەبێتە هۆی خستنە رووی چەند زانیاریەک سەبارەت بە زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچوونی لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە بنەرەتیەکاندا وهەوڵدانێکە بۆ

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەی زانستی لە بواری کارگێری پەروەردەیی بە زمانی کوردی. وە لە رووی پراکتیکییەوە سوود وەرگرتن لە لایەنی تیۆری و هەروەها ئەنجامەکانی توێژینەوەکە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان لە باشترکردنی ئاستی بەڕێوەبردنیان لە ناوەندەکانی خوێندن، وە چارەسەرکردنی گرفتە کارگێرییەکان و خۆدورخستنەوە لە هەڵچوونە نەرێنییەکان لەکاتی بڕیارەکاندا .

**ئامانجەکانی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە لە هەولی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەدایە:

1- زانینی ئاستی زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچوونی لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان.
2- زانینی ئاستی زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز) لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان.
3- زانینی ئاستی زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچوونی بەپێی گۆڕاوی (تەمەن ) لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان.
4- زانینی سروشتی پەیوەندی نێوان زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچوونی لە لای بەڕێوەبەری قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

**سنوری توێژینەوە:** سنوری توێژینەوەکە بریتیە لەمانەی خوارەوە :

**سنوری مرۆیی:** بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی شاری سلێمانی
**سنووری کاتی:** ساڵی خوێندنی (2020-2021).
**سنوری بابەتی:** زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچوونی

**١-٥ پێناسەی چەمك و زاراوەكان**

**1. زیرەکی کارگێری**

- **پێناسەی مەنکیس(2006):** پرۆسەی دەرخستنی هەل و ڕێکخستنی ڕێکاریەکانی کارو چاودێریە لە سەر کێشە کارگێریەکان و ئیدارەدانی کێشەکان و نەخشەکێشانی ستراتیجی، هەروەها مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ فەرمانبەران و دروستکردنی بیرۆکەی نوێ و کارامەیی لە سەرکردایەتیکردن و چارەسەرکردنی کێشەکارگێریەکان و رازیکردنی کەسانی دەوروبەر سیمای سەرەکی زیرەکي کارگێریە (Menkes, 2006, 95).

- **پێناسەی الجبوری (2019):** بریتیە لە کۆمەڵێك توانستی زهنی عقڵی و کۆمەلایەتی و ژیری و ویژدانی کە بە چەند شێوازێك یارمەتی بەرچوەبەر دەدات بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ دامەزراوە پەروەردییەکان، توانی هەوڵدان بە کەمترین کات (الجبوری،2019، 17).

- **پێناسەی الظفيري(2020):** بریتییە لە توانای سەرکردایەتیکردنە لە ناو دامەزراوەکاندا و تواناو لێهاتوویی لە دەرخستنی کێشەو گرفتەکان و بەڕێوەبردن و چارەسەری قەیران و دانانی پلانی ستراتیژی لە دامەزراوەکەدا و مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ تاکی ناو دامەزراوەکەو داهێنانی بیری نوێ بە لێهاتووییە کان و قەناعەتپێکردنی ئەوانی تر (الظفيري، 2020، 116).

**پێناسەی تیۆریی بۆ زیرەکی کارگێری:** توێژەران پشتیان بەست بە پێناسەی (الجبوري،2019) چونکە هەمان پێوەری ناوبراویان بەکارهێناوە بۆ پێوانی ئاستی زیرەکی کارگێری لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکان.

**پێناسەی ڕێککاری بۆ زیرەکی کارگێری:** بریتیە لە کۆنمرەی بەدەستهاتوو لەسەر پێوەری زیرەکی کارگێری لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە.

**2.هاوسەنگی هەڵچوونی**

- **پێناسەی سویف( 1978):** ئاماژەیەکە بۆ بنەما یان لایەنەکانی ڕێکخستن لە دەورووبەردا بەپێی چالاکیە دەروونییەکان کە دەکرێت بە هەڵچوون ناو ببرێت، ئەمەش لە کاتێکدا کە تاك بیەوێت هەستەکانی بەرجەستەبکات لە هەر کارێکدا و دەروونی خۆی ڕازی بکات لەو کارە (سويف، 1978، 252).

- **پێناسەی شعراوي( 2003):** هاوسەنگی هەڵچوونی هۆکارێکی گرنگە یان تاکە ڕێگەیە کە بەهۆیەوە تاك بتوانێت دروستی دەروونی دەستەبەربکات (شعراوي، 2003، 4).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

- **پێناسەی مصطفى( 2018):** بریتییە لە توانای تاك لە بەڕێوەبردنی ڕەفتارەكانی و هەڵچوونەكانی دەستبەسەراگرتنی و چارەسەركردنی گرفتەكان بە ژیری و دانایی، هەروەها مامەڵەیەكی دروست لەگەڵ گرفتەكان لە بوارە جیاوازەكاندا بەڕێگایەكی ئەرێنی و مامەڵەیەكی دروست لەگەڵ كەسانی تردا (مصطفى، 2018، 390).

**پێناسی تیۆری هاوسەنگی هەڵچوونی:** هاوسەنگی هەڵچوونی گوزارشتە لە گەیشتنی تاك بە ئاستی هاوسەنگی ناوەكی و ڕەفتاری تاك بۆ ڕازیبوونی دەروونی بەرامبەر بە گرفتە نەرێنیەكان كە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕووبەڕوی تاكە دەبێتەوە، لە پێناو تێركردنی خواستە دەرونیەكانی گەیشتن بە بارێكی هاوسەنگی ڕەفتاری و دەرونی، كە تێیدا ئەم هاوسەنگیە لە مامەڵەو پەیوەندیەكانی دا ڕەنگ بداتەوە.

**پێناسەی ڕێكاری بۆ هاوسەنگی هەڵچونی:** بریتیە لە كۆنمرەی بەدەستهاتوو لەسەر پێوەری هاوسەنگی هەڵچونی لای ئەندامانی نمونەی توێژینەوەكە.

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەكانی پێشوو

### 1 - زیرەكی Intelligence

زیرەكی كۆی ئەو توانا عەقڵیانەیە كە تاك بەكاری دەهێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵوێستە نوێیەكان، یان توانای تێگەیشتن و دەركردن بە ڕاستی، هەروەها بریتیە لەو ڕەفتارەی كە چارەسەری كێشەكان و گونجان لەگەڵ ژینگەدا لێدەكەوێتەوە، لەگەڵ پێكهێنانی چەمكی عەقڵی و فێربوون (عباس، 2002، 5). چەمكی زیرەكی بەوە جیادەكرێتەوە كە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، لەبەر ئەوەی مەبەست لێی ڕوون نیە بە دیاریكراویی، ئەمەش بۆتە هۆی جیاوازی بۆچوونی زانایانی دەروونناسی دەربارەی پێناسەكردنی بەشێوەیەكی زانستی و یەكخراو، كارەكە گەیشتۆتە ئەوەی كە لەسەر پێوەرێكی یەكخراو بۆ زیرەكیش ڕێكنەكەوتون، بەڵام ئەمە ڕێی لە زانایانی دەروونناسی و نەگرتوە تا لە هەوڵەكانیان بەردەوام نەبن بۆ پێناسەكردنی زیرەكی و دروستكردنی پێوەری زیرەكی وا كە جێگیریی و ڕاستگۆییان نەبێت، لە پێشبینیكردن لە ئاستی زیرەكی تاكەكان (حسين، 2003، 49-50).

**ئەو تیۆرانەی ڕاڤەی زیرەكی دەكەن**

#### یەكەم: تیۆری دوو هۆكاری سپێرمان Spearman's two-factor theory of intelligence

خاوەنی ئەم تیۆرە (چارلز سپێرمان) پێی وایە كە زیرەكی لە دوو فاكتەر پێكدێت : فاكتەری گشتی (General Intelligence) كە هێماكەی فاكتەری (g)ەیە و، فاكتەری تایبەت (specific ability) كە هێماكەی فاكتەری (S) ە، فاكتەری گشتی كاردەكاتە گشت لایەنەكانی چالاكی بە پلەی جیاوازەوە، فاكتەری تایبەت كاردەكاتە سەر جۆرێكی دیاریكراو لە چالاكی (Thomson, 1947, 373–385) هەر بەرهەمێكی عەقڵی دوو فاكتەر كاردەكاتە سەركار ئەنجامدانی، یەكەمیان فاكتەری گشتی هاوبەشە كە كاردەكاتە سەر هەر چالاكیەكی عەقڵی كە تاك ئەنجامی دەدات، دووەمیشیان فاكتەری جۆری تایبەتە كە تەنها كاردەكاتە سەر یەك جۆری چالاكی عەقڵی، بۆیە سپێرمان وادەبینێت كە تاكەكان جیاوازن لە ڕوی زیرەكیانەوە بەهۆی جیاوزیان لە فاكتەری گشتی، چونكە ئەم فاكتەرە دادەنرێت بە فاكتەری جیاكەرەوەی زیرەكی (ئەلزغلول، 2015، 276).

#### دووەم: تیۆری زیرەكی هەمەجۆری گاردنەر Gardner’s Multiple Intelligences

دەروونناسی ئەمریكی هاورد گاردنەر (Howard Gardner) تیۆرەكەی خۆی لەسەر ئەو هزرە بونیاد نا كە زیرەكی هەمەجۆرەو تەنها لە یەك جۆردا نابینرێتەوە، بەڵكو چەندین زیرەكی سەربەخۆ بونیان هەیە هەر جۆرە زیرەكیەكیش نوێنەرایەتی بەهرەو كارامەیی تایبەت بە خۆیان دەكەن (Gardner, 2012, 26)،وە پێی وایە مەرج نیە تاك لە هەموو جۆرەكاندا ئاستی زیرەكی بەرز بێت بەڵكو بە گشتی هەریەک لە بوارەک یان زیاتر زیرەكە و لە بوارێكی تر ئاستی زیرەكی مام ناوەند یان كەمە، گاردنەر زیرەكی دابەش دەكات بۆ هەشت بەش كەپێكهاتوە لە مانەی خوارەوە

(زیرەكی زمانەوانی- زیرەكی لۆژیكی ماتماتیكی -زیرەكی بینینی -زیرەكی لەش و جوڵەی -زیرەكی سروشتی-زیرەكی مۆزیک -زیرەكی لە پەیوەندنی بەكەسانی تر-زیرەكی خودی) توانای تاكەكان لە وردبونەوە لە ناو خودی خۆیان و زانینی سنوری تواناكان لە گەڵ زانینی چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵیاندا (عزيز، ٢٠١٧، ٢١٧-٢١٨)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سێیەم : تیۆری سیانەی زیرەکی یان پتەوکردنی زانیاری Triarchic Theory of Intelligence**

(ستێرنبرگ 1949) بەشێوەیەکی تایبەت بایەخی بە تیۆری پەرەسەندنی پێکهاتەی عەقڵی داوە و توانیوێتی کەرێگەی ئاماری وا بدۆزێتەوە کە دەتوانرێت لە کۆلکەکانی پەیوەستی نێوان تاقیکردنەوە جیاوازەکاندا بەکاربهێنرێت، ستێربرگ زیرەکیی مرۆڤ بە توانای مەعریفی پێناسە کرد بۆ فێربوون لە ئەزموونەوە، ئەزموونێك تا بە باشی هۆكار بێت بۆ بیرهێنانەوەی زانیارییە گرنگەکان و گونجان لەگەڵ داواکاریەکانی ژیانی ڕۆژانە، ستێرنبرگ ڕوونی دەکاتەوە کە سێ جۆری زیرەکی هەیە کە:

**١- زیرەکی پێکهاتە یان شیکەرەوە:** گوزارشتە لە توانای تاك لە چارەسەرکردنی کێشەکان و شیکردنەوەی بۆ پێکهاتەکانی وبەکارهێنانی توانا ناوەکیەکانی تاك لە چارەسەرکردنی کێشەکان دا، ئەم جۆرە لە زیرەکی زیاتر پەیوەستە بە دەستکەوتە ئەکادیمیەکانەوە.

**٢- زیرەکی شارەزایی یان زیرەکی داهێنەرانە:** ئاماژە بە ڕێگا نوێیەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات بە هۆی پێکەوەبەستنی بیرکردنەوە پەرشوبڵاوەکان. بۆ ئەم مەبەستە زانیاری و ئەزموونی پێشوتر بەکاردێنێت بۆ ئەوەی بیرۆکەی نوێ لێ بەرهەمبهێنرێت و کێشەکان چارەسەر بکات.

**٣- زیرەکی دەقی یان کرداری:** زیرەکیی دەقی یان کرداری ئاماژە بە توانای بەکارهێنانی زانیاری دەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاربهێنێت (Sternberg, 1985, p.271) .

**2 - زیرەکی کارگێری (Administrative Intelligence) (الذكاء الاداري)**

مەبەست لە زیرەکی کارگێری گشت ئەو توانا و شارەزاییانەی تاکە کە بەکاریان دەهێنێت لەهەر ئاستێکی بەڕێوەبردندا بێت، کە بتوانێت چارەسەر بۆ هەموو کێشەکانی ئێستا وداهاتوی بکات و بەگرنگیەوە لێیان بڕوانێت لە سەرپەرشتیکردنی کارەکانی دا، سەرپەرشتیاری زیرەك ئەو سەرپەرشتیارەیە کە توانا و لێهاتوویی هەبێت، هەر بۆیە زیرەکی کارگێری لە کەسانی کەمتەرخەم و بێ پلان و کەم چالاکی بەدی ناکرێت کە هەمیشە ئامانج و کارەکانیان بە ناتەواوی جێدەهێڵن، بەڵکو لەو کەسانەدا دەبینریت کەهەمیشە کارو چالاکیەکانیان پلان داڕێژ دەکەن بەرەو ئامانجە بچوک و گەورەکانیان هەنگاو دەنێن و هەمیشە لە هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین شارەزاین لە بوارەکەیاندا بە سود وەرگرتن لە داهێنان و زانیاریە سەردەمیەکان، هەروەها لایەنی کەسیەتی خۆیان بەهێزتر دەکەن بە پەرەدان بەلایەنی سۆزداری و عەقڵی و کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کارەکەی و کەسانی دەوروبەر (مصطفى: ٢٠٠٨، ٧٦).

زیرەکی کارگێری ڕوداوێك نیە یەکسەری ڕوبدات، بەڵکو قۆناغ بەقۆناغەو بەشێوەیەکی پلەبەندی ڕودەدات لە گرنگترین قۆناغەکانی زیرەکی کارگێری بریتین لە:

- قۆناغی ئیدارەدانی ئەرک و پلەو پایە: ئەمە لەڕێگای دیاری کردنی گرفتەکان بەشێوەی گونجاوو لەبار و جیاکردنەوەی ئامانجە بنەڕەتی و لاوەکی یەکان دەبێت، وەپێشبینی کردنی ئەو کۆسپانەی کە ئەگەرن دەبنە کۆسپ لە ڕێگای بەدیهێنانی ئامانجەکان و دیاریکردنی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردن، هەروەها پشکنین و چێک کردنی ئاستی دیقەتی گریمانە بنەڕەتییەکان و دیاری کردنی خاڵی بەهێزو لاوازی پێشنیارەکان یان ئەو بیانوانە کە کەسانی دیکە دەیخەنە ڕوو، هەروەها دیاری کردنی باشترین و گونجاترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە زانیاریی یەکان.

**- قۆناغی ئیدارەدانی تاك:** لەڕێگای دانانی بە دەرئەنجامەکان کەدەکرێت پوخت بکرێتەوە لە ئەنجامی ئاڵوگۆری تایبەت و ناسینی ئەجێنداو پاڵنەرەکانی تاك و کۆمەڵەکان کەبەشداری دەکەن لە بارودۆخەکەدا و پێشبینی کاردانەوەی سۆزداریی چاوەڕوانکراو لە تاکەکان بۆ گرتنەبەری ڕێکار یاخود بواری گەیاندن و دیاری کردنی ئاریشە بنەڕەتیەکان و تێڕوانینەکان کە تەوەری سەرەکی ململانێ و تێروانینن بۆ کاریگەرییە حەتمیەکان یان گرفتەکان کە سەرچاوە دەگرن لەڕێرەوێکی دیاری کراوی کارکردن و هاوسەنگی لەنێوان پێداویستی یە جیاوازەکانی گشت کەسانی بەرژەوەندیخواز.

**- قۆناغی ئیدارەدانی خودی :** لەڕێگای بەدواداچون و هاندان و کاردانەوە کە بەهۆی هەڵە کردن لە حوکم و ئیدارەدانەوە دروست دەبێت، بەواتای دانانن بە هەڵە مەترسیدارەکان لە بۆچونە کەسیەکان و کارکردن دا، هەروەها دانانن بە نارەزاییەکانی کەسانی دی لەکاتی بونی گرفت لەکاردا (الظفيري، 2020، 125).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)


بە شێوەیەکی گشتی زیرەکی کارگێڕی لە هەرسێ ڕەهەندی زیرەکی عەقڵی و زیرەکی ویژدانی و زیرەکی کۆمەڵایەتی پێکدێت:

**1. زیرەکی عەقڵی: Mental intelligence**

کاتێك تاکێك بیر لە چارەسەری کێشەیەك دەکاتەوە، ئەوا دەچێتە ناو دیالۆگێکی ناوەکیەوە لەگەڵ خۆیدا، بە پشت بەستن بە زیرەکی عقلی خۆی و شارەزایی و ئەزموونەکانی، بەڵام ئەم دیالۆگە لێرەدا پشت بە کۆی شارەزایی و ئەزموون و کارامەییە عەقڵیەکانی هەموو ئەوانە دەبەستێت کە تیایدا بەشدارن، ئەمەش دەبێتە دەرفەت بۆ شیکردنەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی درووست و داهێنانی چارەسەر بۆی زیاتر دەبێت (العیتی، 2006، 77).

**2. زیرەکی ویژدانی (سۆزداری): Emotional intelligence**

زیرەکی ویژدانی کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە لەسەر کارگێڕی خود و کارگێڕی پەیوەندیەکان، چونکە دەبێتە کارتی پەڕینەوەی کارگێڕی لە سەردەمی سەرمایەی هزریەوە بۆ سەردەمی سەرمایەی کۆمەڵایەتی، بەمجۆرە هەر چەمکێکی نوێ دەربارەی زیرەکی، کارتی چوونە ناو سەردەمێکی کارگێڕی نوێوە و مرۆڤ زیرەکی ویژدانی توانای هاوکاری لەگەڵ کەسانی تر بیرکردنەوەی هاوبەش زیاترە و ڕەخنە و ڕای بەرامبەر و دیالۆگ قبووڵ دەکات بۆ گەیشتن بە چارەسەری مام ناوەند، گومانیش لەوەدا نیە کە یەکێك لە هۆکارەکانی باڵادەست بوون لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان بەسەر کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا بریتیە لە توانای کارکردنی تاکەکانی لەناو تیمدا (العیتي، 2006، 76).

**3. زیرەکی کۆمەڵایەتی: Social intelligence**

زیرەکی کۆمەڵایەتی گوزارشتە لەو شێوازە لە زیرەکی کە لە مامەڵەی تاك دا دەردەکەوێت لەکاتی ئەزمونکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی، هەروەها توانای تاکە لە گونجان و سازانی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا (السوداني، ٢٠١٧، ٩٥)، وە سەرکەوتنی تاکەکان بەستراوەتەوە بە وەی تاچەندە توانای ئەوەی هەیە کە تێگەیشتنی هەبێت لە بارودۆخی کەسانی تری کە لە دەورو بەریدان، کە ئەمەش بە زیرەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت ( محمد، ٢٠١٨، ٥).

**هاوسەنگی هەڵچوونی**

هاوسەنگی هەڵچوونی ڕێگایەکە کە یارمەتی تاك دەدات بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و تێرکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی و گەڕانەوە بۆ بارەدەروونییە ئاساییەکەی کە هەستەکانی تێدا بەهاوسەنگی بمێنێتەوە کە بەهۆی ژینگەی دەوروبەریەوە هەستی پێدەکات بۆیە دەکرێت بیرکردنەوە و هەست و ڕفتارەکانی زۆرجار بەیەکەوە هاوتابن لەم حاڵەتەدا.(عیسی، 2013، 8) وە بە کرۆکی پرۆسەی گونجان دادەنرێت بە جۆرێك تاك لەکاتی هەلسوکەوت و لە ژیانی ڕۆژانەیدا لەگەل دەرووبەروو ئەو ژینگەیەی تایایدا دەژیت پێویستە بە جۆرێك ڕەفتار بکات تا لەگەڵ ئەوانی تردا بگونجێت، تا تاك توانا کۆنترۆلکردنی هەلچونەکانی هەبێت و وێناێکی تەندروست وێنا بکات هەم لەگەڵ ناوخۆی خۆی و هەم لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا، کە ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر هاوسەنگی هەڵچوونی دەبێت، چەندە کەسەکە زاڵ بێت بەسەر خودی خۆیدا و کۆنترۆڵی بکات لە بەرامبەر هەڵویستە هەڵچونیەکاندا، ئەوەندەش کەسێکی هاوسەنگ دەبێت، کەسی هاوسەنگ لە ڕووی هەڵچوونەوە شوێنێك بۆخۆی دەگرێت لە خاڵێکی ناوەندی پەیوەستیدا بەوەی مرۆڤێکە کە توانای لەسەر خۆیی هەیە لە نێوان هەڵەشەیی ئەنجامدان و ڕاڕایی نەکردندا (راحیبون، 2019، لا19).

**ئەو تیۆرانەی ڕاڤەی هاوسەنگی هەڵچوونی دەکەن:**

**1- تیۆری دەروونشیکاری سیگمۆند فرۆید (Sigmund Freud)**

فرۆید جەختی کردۆتەوە لەسەر چەمکی (من) (ego) بەو پێیەی ڕێکخەری کەسێتی یە لە مرۆڤ دا، ئەم کۆئەندامە یاخود ئەم سیستەمە توانایەکی مەزنی هەیە لە کۆنترۆڵی ڕەفتاری مرۆڤ و گونجاندنی ژینگەیەکی لەبار بۆی، وەئامرازێکە بۆ تێربونی غەریزەکان بەمیتۆدێکی هاوسەنگ وپەسەند بەجۆریك ڕەزاو قبوڵی داواکارییەگشتی یەکانی سیستەم بێت و داواو داخوازیەکانی منی باڵا (الانا الاعلی) و ئەو (الهو) تێدا بەرجەستە بوبێت، فرۆید پێیوایە هەتا مرۆڤ سیستەمی (من) ی بەهێز بێت ئەوا کەسێکی هاوسەنگ و گونجاوە لەگەڵ خودی خۆی و ئەو ژینگەیەی کەتیایدا دەژی (شلتز، 1983، 36-37). بەڵام پێیوایە بۆئەوەی کە هاوسەنگی ناوەکی بەدەست بهێنین پێویستە زاڵبین بەسەر ئەودۆخە نەخوازراوانەی لەژیانی ڕۆژانەمان دا توشی دەبن و پێویستە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1


Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

گەشبین بین تا لەژێر هەڕەشەی شكست وترس بتوانین دۆخێكی دەرونی ئەرێنی بەدەستبهێنین لەژێر فشاری ڕوداوەكان بۆ جیاكاری لەنێوان دیاردەكان دا (صفر، 2014، 10).

**-2 تیۆری ئەبراهام ماسلۆ Abraham Maslow**

ماسلۆ جەختی كردۆتە لەسەر ئەوەی كە مرۆڤ سروشتێكی جەوهەری هەیە، ئەم سروشتە یان ئەوەتا سروشتی ئەزمونە یاخود بێلایەنە بەڵام شەڕەنگێز نییە، گەشەی تەندروست دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە سروشتە بە ئاراستەی پێگەیشتن وكامڵ بون.ماسلۆ ئاماژەی بەوەشكردوە كە مرۆڤ كۆمەڵێك پێداویستی هەنوكەیی هەیە كە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، وەئەوكەسەی كەناتوانێت ئەم پێداویستییە هەنوكەییانە فەراهەم بكات و تێرنەبێت لە غەریزەكانی دەبێتە كۆسپ لەبیركردنەوەكانی و ناتوانێت ئەندێشەو تێڕامانی فراوان بكات بەڕێگای لۆجیكی و سروشتی، چونكە بەرئەنجامی ئەمانە وادەكات شڵەژانی دەرونی و ناهاوسەنگی هەڵچونی دروست ببێت. (Maslow, 1970 , 283)

**-3 تیۆری كارل رۆجەرز Carl Rogers**

كارل رۆجەریس گرنگیەكی زۆری داوە بە هاوسەنگی هەڵچونی لەڕێگای جەخت كردنەوە لە دوو سیستەم یاخود دوو كۆئەندامی گرنگ كە (خود و كائینی زیندوو) ە ئەم دوو كۆئەندامە بەهەماهەنگی كاردەكەن و كاردەكەنە سەر یەكتری و گونجاندنیشیان هەیە پێكەوە، هاوسەنگی هەڵچونی ڕوودەدات لەئەنجامی هەماهەنگی هەر یەك لە (خود و كائینی زیندوو) (صفر، 2014، 11).

**توێژینەوەكانی پێشوو**

خستنەڕووی توێژینەوەكانی پێشوو هاوكاری توێژەران دەكات كە زیاتر لێوردبونەوەی هەبێت لەسەر توێژینەوەكەی، هەروەها لەڕێگەی توێژینەوەكانی پێشوە ڕێبەرێكی گونجاوە بۆ توێژەر بەمەبەستی ئەنجامدانی بەراورد لەنێوان ئەنجامەكانی توێژینەوەكەی خۆی و و توێژینەوەكانی پێشوودا، لەپێناو دەرخستنی رادەی لێكچون و وجیاوازی لەنێوانیاندا (Mackenzie, 1966, 32)، هەروەها توێژینەوەكانی پێشوو هاوكاریمان دەكات لە زانینی ئەو میتۆدانەی كەبەكار هاتووە لەوتوێژینەوانەدا ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەكی گرنگە بۆ توێژەر بەمەبەستی دیاریكردنی میتۆدی گونجاو لەگەڵ بابەتی توێژینەوەكەیدا (عبد الهادی، 2006،204). توێژەران لەسەر بنەمای گۆڕاوەكانی توێژینەوەكە، توێژینەوەكانی پێشوو دەخەنە روو كە بریتین لە:

**یەكەم : توێژینەوەكانی پێشوو تایبەت بە گۆڕاوی زیرەكی كارگێری**

1. **توێژینەوەی** (الأسدیو الزبدي، **2018):** بەناونیشانی (زیرەكی كارگێری و پەیوەندی بە سادەیی كەسایەتی لای بەڕێوبەری بەشەكان).

ئامان]ی توێژینەوەكە زانینی ئاستی زیرەكی كارگێری لای بەڕێوەبەری بەشەكان، هەروەها دەرخستنی جیاوازی لەڕوی ڕەگەزو ئاستی خویندن و تەمەن و پسپۆری وەهەروەها جیاوازی بەپێی دیمۆگرافیا كۆمەڵگەی توێژینەوەكەش پێكهاتوە لە (338) لە جەند وەزارەتێكی جیاواز، وە ئەنجامەكان دەریانخست كە زیرەكی كارگێری لەلای بەڕێوەبەری بەشەكان لە ئاستێكی نزمدایە وپەیوەندیەكی وە ڕاستەوانە هەیە لەنیوان سادەیی كەسایەتی و ڕەگەز لەلای (ڕەگەزی مێ) وەپەیوەندیەكی ئەرێنی هەیە لەنێوان سادەیی و زیرەكی كارگێری.

2. **توێژینەوەی (الجبوری، 2019) :**بەناونیشانی (زیرەكی كارگێری و پەیوەندی بە چۆنێتی بریاردان لەلای بەڕێوبەرانی قوتابخانە ناوەندیی پارێزگای كەركوك (ناوەندی وئامادەیی).

ئامانجی توێژینەوەكە زانینی ئاستی زیرەكی كارگێریە لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە ناوەندیەكان و پەیوەندی بە توانای بریاردان هەروەها زانینی ئاستی زیرەكی كارگێریە و توانای بریردان بەپێی گۆڕاوەكانی (ڕەگەز، بواری خوێندن، ماوەی خزمەت) نمونەی توێیژینەوەكەش پێكهاتبوو لە (446) بەڕێوەبەر لەرەگەزی نێرو مێ لەقوتابخانە ناوەندییەكان وئامادەیی یەكان لەپارێزگای كەركوك، ئەنجامەكان دەریانخستوە كە زیرەكی كارگێری لە ئاستێكی بەرزدایە وە بونی جیاوازی ئامارییە لە زیرەكی كارگێری بەپێی ڕەگەز و لای ڕەگەزی (مێ) وە پەیوەندی یەكی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان زیرەكی كارگێری و هێزی بریاردان.

3. **توێژینەوەی (سلیمان، 2020):** بە ناونیشانی زیرەكی كارگێری و پەیوەندی بە ئەدای جیاوازی بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارانی چالاكییە وەرزشییەكان لە سەنتەرەكانی بەهرەی وەرزشی.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی ئاستی زیرەکی کارگێری و ئەدای هەڵکەوتوو لای بەرێوەبەرو سەرپەرشتیارانە، هەروەها زانینی ئاستی پەیوەندی زیرەکی کارگێری و ئەدای جیاواز لای بەرێوەبەرو سەرپەرشتیاران، توێژەر میتۆدی وەصفی بەکارهێناوە لە توێژینەوەکەیداو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە و بەرێوەبەرو سەرپەرشتیارانەی کە لە سەنتەرەکانی بەهرەی وەرزشین، (116) کەس وەك نمونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، توێژەر پێوەرێکی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە پەیوەستی هەیە لە نێوان زیرەکی کارگێری و ئەدای جیاواز.

4. **توێژینەوەی (الظفيری،2020):** بەناونیشانی (زیرەکی کارگێری لەلای بەرێوەبەری پەروەدەییەکان (القيادات التربويه) لە قوتابخانە ناوەندیەکانی وڵاتی کوەیت

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە .هکسکن ئاستی زیرەکی کارگێری لای (٢٠٠) بەرێوەبەرانی قوتابخانەکانی قۆناغی ناوەندی لەناوچەی (الفروانيه- كوەيت) کە ئەنزامەکان دەریانخست کە زیرەکی کارگێری لە ئاستێکی بەرزدایە.

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو تایبەت بە گۆراوی هاوسەنگی هەڵچونی**

1. **توێژینەوەی (جواد، 2010)** بە ناونیشانی هاوسەنگی هەڵچونی مامۆستایانی مێینەو پەیوەندی بەساڵانی خزمەتیانەوە لە باخچەی منداڵان.

ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ئاستی هاوسەنگی هەڵچوونیە لای مامۆستایانی ڕەگەزی مێ بە پێی ساڵانی و نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (89) مامۆستا، توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە پێوەرێکی بەکارهێناوە، لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان هاوسەنگی هەڵچونی مامۆستاکاندا بە پێی گۆراوی ساڵانی خزمەت بەجۆرێك ئەو مامۆستایانەی خزمەتیان لە (11) ساڵ زیاترە زیاتر چێژ لە هاوسەنگی هەڵچوونیان دەبینن بەبراورد بەو مامۆستایانەی کە خزمەتیان لە (10) کەمترە.

2. **توێژینەوەی (صفر، 2014):** بەناویشانی (هاوسەنگی هەڵچوون و پەیوەندی بە چۆنێتی بڕیاردان

ئامانجی توێژینەوەکە زانینی هاوسەنگی هەڵچوون لای مامۆستایانی زانکۆی سۆران بەپێی گۆڕاوی ڕەگەزی نێرو مێ و رۆڵی ئەم گۆڕاوە لەچۆنێتی بڕیاردان لای مامۆستا و پەیوەندی نێوان هاوسەنگی هەڵچونی و چۆنێتی بڕیاردان لای مامۆستای زانکۆ. سامپڵی توێژینەوەکە (60) مامۆستا لەهەردو ڕەگەزی نێرو مێ . توێژەر گەیشتە چەند ئەنجامێك کەگرنگترین یان بریتیە لەبونی هاوسەنگی هەڵچونی ئەندامانی سامپلی توێژینەوەکە، هەروەها لەتوێژینەوەکەدا دەرکەوت کە جیاوازی نیە لە ئاستی هاوسەنگی هەڵچونی و چۆنیتی بریاردانیش بە پێی گۆراوی ڕەگەز، هەروەها توێژەر بۆی دەرکەوت کە پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان هاوسەنگی هەڵچوونی و چۆنیتی بریاردان.

**بەراووردکاری توێژینەوەکانی پیشوو لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستادا:**

لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە گشت توێژینەوەکان زیرەکی کارگێری یان هاوسەنگی هەڵچوونی یەکێك بووە لە گۆراوە سەرەکیەکانی ئامانجەکانیان، و هەوڵدراوە کە پەیوەندی یان کاریگەری ئەو دوو گۆڕاوە بەسەر گۆراوەکانی تری توێژینەوەکە بزانرێت ، کە ئەمە هەمان دیدی ئەم توێژینەوەیە و لێکچونێکی زۆر نزیك هەن لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەدا، لە هەمان کاتدا پێوەرە بەکار هاتووەکان لە جۆری فۆرمی ڕاپرسی بووە و هەمان میتۆدی وەسفی بەکار هاتووە کە ئاماژەیە بۆ گرنگی میتۆدەکە لە توێژینەوە دەروونییەکاندا. بەڵام جیاوازی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوودا بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- جیاوازی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە و ژمارەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە .
٢- ئامادە کردن و بەکارهێنانی هەردوو پێوەر بە زمانی کوردی بە شێوەیەکی زانستی ودەرخستنی سیفاتە سایکۆمەترییەکانیان .
٣- دۆزینەوەی پەیوەندی نیوان هەردوو گۆڕاوی زیرەکی کارگێری و هاوسەنگی هەڵچوونی لای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**بەشی سێیەم: ڕێکاریەکانی توێژینەوە**

لەم بەشەدا توێژەران باسی هەموو ئەو هەنگاوە زانستیانە دەکات کە گرتونیەتەبەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، کە ئەوانیش بە بەکارهێنانی میتۆدی و وەسفی، کە یەکێکە لە میتۆدە باوەکانی بواری سایکۆلۆجیا و زانستە پەروەردەییەکان.

١- کۆمەڵگەی توێژینەوە: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە سەرجەم بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری سلێمانی بۆ سالی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) کە ژمارەیان (424) بەڕێوەبەرە کە دابەش بوون بەسەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

**٣-٣ : نموونەی توێژینەوە**

بەمەبستی هەڵبژاردنی نمونەیەکی زانستی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، توێژەر بە شێوەی هەڕەمەکی چینایەتی نمونەی توێژینەوەکەی دیاریکرد لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بنەڕەتیەکانی هەردوو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شاری سلێمانی کە پێکهاتووە لە (١٩٤) بەڕێوەبەر، وەک لە خشتەی (١) دا ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی (١) نمونەی توێژینەوە**

| گۆراو | بژاردە | نێر | ڕێژە | مێ | ڕێژە | گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 40-30 | 28 | %29.47 | 53 | %55.79 | 81 |
| | 51-41 | 43 | %45.26 | 35 | %36.84 | 78 |
| | 62-52 | 24 | %25.26 | 11 | %11.58 | 35 |
| | گشتی | 95 | %100 | 99 | %100 | 194 |

**٣- ئامرازەکانی توێژینەوە**

**ا- پێوەری زیرەکی کارگێری:**

توێژەران بۆ پێوانی استی زیرەکی کارگێری پشتیان بەست بە پێوەری (جبوري، 2019) کە لە (٣٥) برگە پێکدێت، وە دەرهێنانی سیفاتە سایکۆمەتریەکانی بەسەر پێوەرەکەدا جێبەجێکرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- ڕاستگۆی وەرگێران دقة الترجمة Translate Validity**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستگۆی وەرگێران، پێوەرەکە لە لایەن دوو پسپۆری زمانی عەرەبی و زمانی کوردی وەرگێرابی بۆکرا جارێک لە عەرەبی بۆ کوردی وجارێک لە کوردی بۆ عەرەبی، پاشان بەراوورد لە نێوان هەردووپێوەرە عەرەبیەکە کرا. دوای ئەمە پێوەرەکە ئامادەبوو بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆی زانستی.

**٢- ڕاستگۆی ڕواڵەت الصدق الظاهری Face Validity**

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەت توێژەران هەستان بە دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەسەر (11) شارەزا لە بواری دەروونی و پەروەردەیدا، داوایان لێکرا سەرنجی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی برگەکان و بژاردەکان بخەنەروو، دوای وەرگرتنەوەیان، دەرکەوت بە ڕێژەی ٩٨% شارەزایان ڕەزامەندن لەسەر برگە جیاوازەکانی پێوەرکە، هەروەها بەپێی پێشنیاری پسپۆران گۆرانکاری لە برگەکان کرا.

**٣- ڕاستگۆیی ناوەکی**

**ا- توانا جیاکەرەوەی برگەکان( القوة التمييزية للفقرات)**

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران پشتیان بەست بە نمونەی توێژینەوەکە و بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) وریزکردنی فۆرمەکان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین کۆنمرە، پاشان وەرگرتنی کۆمەڵەی نمرە بەرزەکان بە ڕێژەی لە (27%) و کۆمەڵەی نمرە نزمەکان بە ڕێژەی (27%)ی وەرگیرا، دواتر بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (t-Test) دەرکەوت کە سەرجەم برگەکانی پێوەری زیرەکی کارگێری هێزی جیاکەرەوەیان هەیە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) جگە لە برگەی (١).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.2.1
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
المجلد (6) – العدد (2)، كانون الأول 2022
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی(٢) هێزی جیاکاری برگەکان بۆ پێوەری(زیرەکی کارگێریی)**

| برگە | کۆمەڵەی نزم | | کۆمەڵەی بەرز | | بەهای ت هەژمارکراو | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەر | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەر | | |
| 1 | 4.250 | .9471 | 4.264 | 1.1627 | 0.068 | 0.946 |
| 2 | 4.173 | .9014 | 4.604 | .7163 | 2.713 | 0.008 |
| 3 | 4.000 | 1.0098 | 4.679 | .5809 | 4.235 | 0.000 |
| 4 | 3.923 | .9670 | 4.774 | .4658 | 5.758 | 0.000 |
| 5 | 4.077 | .9670 | 4.811 | .5210 | 4.857 | 0.000 |
| 6 | 4.365 | .7148 | 4.792 | .4945 | 3.566 | 0.001 |
| 7 | 3.904 | .9953 | 4.849 | .3614 | 6.492 | 0.000 |
| 8 | 3.904 | .8913 | 4.811 | .4826 | 6.504 | 0.000 |
| 9 | 4.173 | .8336 | 4.736 | .4864 | 4.235 | 0.000 |
| 10 | 3.923 | 1.0068 | 4.830 | .4697 | 5.935 | 0.000 |
| 11 | 4.115 | 1.0224 | 4.642 | .5914 | 3.235 | 0.002 |
| 12 | 3.904 | .9754 | 4.887 | .3199 | 6.865 | 0.000 |
| 13 | 3.865 | .9707 | 4.811 | .3950 | 6.563 | 0.000 |
| 14 | 4.038 | .9694 | 4.811 | .3950 | 5.368 | 0.000 |
| 15 | 3.712 | 1.1434 | 4.830 | .5090 | 6.497 | 0.000 |
| 16 | 3.654 | 1.1527 | 4.792 | .4945 | 6.599 | 0.000 |
| 17 | 3.500 | 1.5016 | 4.302 | 1.4086 | 2.821 | 0.006 |
| 18 | 4.058 | .8498 | 4.906 | .3543 | 6.696 | 0.000 |
| 19 | 4.019 | 1.0570 | 4.811 | .4410 | 5.028 | 0.000 |
| 20 | 4.154 | 1.0735 | 4.925 | .3310 | 4.991 | 0.000 |
| 21 | 3.692 | 1.3363 | 4.906 | .2951 | 6.452 | 0.000 |
| 22 | 4.096 | .8462 | 4.849 | .4112 | 5.816 | 0.000 |
| 23 | 4.038 | .8393 | 4.849 | .3614 | 6.449 | 0.000 |
| 24 | 4.058 | .8498 | 4.981 | .1374 | 7.809 | 0.000 |
| 25 | 3.885 | .8321 | 4.906 | .2951 | 8.411 | 0.000 |
| 26 | 3.308 | 1.3216 | 4.906 | .2951 | 8.588 | 0.000 |
| 27 | 3.923 | .7630 | 4.887 | .3199 | 8.468 | 0.000 |
| 28 | 4.346 | .6827 | 4.925 | .2667 | 5.738 | 0.000 |
